# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی قوربانیەکەی ڕادەکێشا، ئەویش فەرمووی: سواری ببە، پیاوەکە ووتی: ئەمە قوربانیە، (دیسانەوە) فەرمووی: سواری ببە

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی قوربانیەکەی (بە پەتێک) ڕادەکێشا، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سواری ببە»، پیاوەکە ووتی: ئەمە قوربانیە، (دیسانەوە) فەرمووی: «سواری ببە»، ئەبو هورەیرە دەڵێت: «بۆیە بینیم سواری (قوربانیەکە:وشترەکە) بوو لە تەنیشت پێغەمبەرەوە دەڕۆیشت -صلى الله عليه وسلم-». ولە گێڕانەوەیەکدا: لە «(دووەم یان سێیەم جار پێی فەرموو: «سواری ببە، (تیا بچیت یان ڕەحمەتت لێبێت.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی کە قوربانیەکەی بە پەت ڕادەکێشا، پێی فەرموو: سواری ببە، هاوەڵەکە پرسیاری سەبارەت بە ئەوە کرد کە ئەم قوربانیە بەخشراوە بۆ ماڵە پیرۆزەکە (بۆ ماڵی خودا -مزگەوتی حەرام لە مەککە-)، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دیسانەوە پێی فەرموو: سواری ببە؛ ئەگەرچیش بەخشرا بێت بە ماڵە پیرۆزەکە، وجارێکی تریش دووبارەی کردەوە بە توندی وپێی فەرموو: (تیا بچیت یان ڕەحمەتت لێبێت)*، وبۆی ڕوونکردنەوە کە دروستە سواری ببێت ئەگەرچیش قوربانی بێت، بۆیە پیاوەکەش سواری بوو. *(مەبەستی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم وتانە بۆ ئاگادار کردنەوەی بوو نەک بۆ نزا لەسەر کردنی، چونکە عەرەب زۆرجار (ئەم وشانە بەکاردێنن بۆ ئاگادار کردنەوە ومەبەستیان نزا لەسەر کردن وعەیبدارکردنی بەرامبەر نییە

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3152

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee